# له خاڵەوە بۆ بازنە و پێچەوانەکەیشی لە شیعردا

موحسین ئاوارە

شاعیر یەکێکە لەو مرۆڤە هەستیار و چەشە گەرمانەی خولقێنەری بەرهەمی نوێیە، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی شارستانیەت و ژیاری و پێشکەوتنە لە ئەژمار نەهاتووە یەک بە دوای یەکدا هاتووەکان هەوڵ دەدات تا بە پێی توانایی خۆی و بەهرە و ئاستی ڕۆشنبیری و داهێنانەکانی بەرهەمی هەبێ، مادامەکێ شیعر بەو شێوەیە پەرەدەسێنێ و پێش دەکەوێ، دەبێ فۆرم و ستایل و شێوازی دەربڕینەکانی گۆڕانکارییان بەسەردا بێ، ئەوجا ئەم گۆڕانکارییانە چ لە ئاگایی (وعي)یەوە بێ کە بە بەرنامە و نەخشەکێشراوی کاری کردبێ و لەسەر سەبک و تێمەکانی گیرسابێتەوە، یان داڕشتنی شیعر و نووسینەوەی لە بێئاگاییەوە (لاوعي) بێ کە بە خۆڕسکی و هەڵچوونی ساتەشیعرییەکان سەری هەڵدا بێ، دواتر ڕەخنەگران وتەی خۆیان لەبارەیەوە دەبێ کە ئەم بەرهەمە سەر بە چ فۆرم و ڕێباز و قوتابخانە و تەوژمێکە و بە چ ستایل و شێوازێک نووسراوە.

کەواتە وەک ئاماژەمان پێ کرد، شیعر شان بە شانی گشت ژانرەکانی دیکەی ئەدەبی لە پەرەسەندن و پێشکەوتندایە و بەر گۆڕانکارییەکان دەکەوێت و لەسەر یەک زەمینە جووڵە ناکات. ئەوەتا (جی. سی. سکوایر) نووسەری ئینگلیزی دەڵێت: (ماقووڵ نییە داوا لە هەڵچوونە بەرەو پێشەوە چووەکەی شیعر بکرێت کە لە سەر یەک شێواز و فۆرمی دیاریکراو بمێنێتەوە، سەبارەت بە چالاکییەکانی شیعر و شێوازەکانی دەربڕین، ئاشکرایە چەندان بەرەی جیا جیا هەن و چەندان چەندوچوون و گفتوگۆی هەمەجۆر و فرەلایەن هەڵدەگرێ کە بەشداری کاریگەریان لە بنیادنانی هۆنراوە نەمرەکاندا هەیە.)(١)

جا لێرەدا کرۆکی بابەتەکەی من دەوەستێتە سەر ئەم


عەبدوڵڵا پەشێو

جۆرە هۆنراوە و شێوازی دارشتنانەی کە لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات و وردە وردە بازنەکەی فراوان دەبێت بە پێی هێز و توانست و سەنگی (خاڵە)کە کە تەوەری مەسەلەکەیە بۆ پێکانی مەبەستەکەمان، یان پێچەوانەکەی لە بازنەوە کە چەندان دێڕ و ڕستەی پێکهاتەیی لە خۆ دەگرێ و وردە وردە شۆڕ دەبێتەوە تا دەڕژێتە نێو چەقی یەک (خاڵ)، خۆ مەرجیش نییە هۆنراوەکە کورت بێ، یان درێژ، گرنگ ئەوەیە بەو دوو جەمسەرەوە بەسترابێتەوە، بەڵام ئەوەی پێویستە لێرەدا بگوترێ، ئایا شاعیر هەستی بەم واقیعە کردووە کە ئەم حاڵەتە لە دارشتن و سەرهەڵدانی شیعرەکەیدا ڕووی داوە، هەڵبەتە (من)ی خود، (من)ی تاک، (من)ی خاڵ، یان (تۆ)ی خود، (تۆ)ی تاک، (تۆ)ی خاڵ لەگەڵ (ئەوانی)ی کۆ (وشە و دەستەواژە و دێڕەکانی پێکهاتەیی) کە بە هەردوو بەشەکانییەوە (خاڵ) و (بازنە)یی سەر دەستەوارەی مەسەلەکەمانە، پتریش لەو هۆنراوانەی کە یەکێتیی بابەتی و ئۆرگانی تێدا بەدی دەکرێ، بۆ ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکەمان زیاتر ڕووناکی بخەینە سەر و چەندان نموونەی بخەینە ڕوو دێین و دەڵێین:

(نکوڵی لەوە ناکرێت ئەگەر بەردێک فرێ دەینە ناو گۆماوێک، سەنگی بەردەکە چەند قورستر بێت، ئەوەندە زیاتر بازنەکانی گۆماوەکە فراوانتر و فراوانتر دەکات...

(ئەگەر تەڵە شقارتەیەک کە (خاڵ)ێکی چکۆلەیە بتوانێ دارستانێک داگیرسێنێ و بازنەی ئاگرەکە فراوان بێت، خۆ ئەم تەڵە شقارتەیەش هەر لە دامێنی لکە دارێکی ئەم دارستانە جیا بووەتەوە.

(گۆران)ی شاعیر دەڵێت:

**کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو**
**لە بنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو**
**جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور**
**شەپۆلی باتە بەر تیشکی ڕۆژ شڵپ و هۆڕ(٢)**

لەم چوار دێڕەی سەرەوەدا (کانی)یەک وەک (خاڵ)ێکی سەنگین و مەزن بە دیار دەکەوێ کە (گۆران)ی شاعیر لەو خاڵەوە دەست پێ دەکات و گەورەیی و فراوانی بازنەکە دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی لە دەریای بێ سنوور جوانتربێ، لێرەدا (کانی)یەکە (خاڵ)ێکە و دەریای بێ سنوور (بازنە)کەیە بە فراوانییەکەی ئەمیان لە خاڵەوە بۆ بازنە.

ئەم جارەیان (عەبدوڵڵا پەشێو)ی شاعیر لە شیعری (چەقی گەردوون)دا لە بازنەوە بۆ سەر یەک (خاڵ) شۆڕ دەبێتەوە کاتێ دەڵێت:

**کێ دەزانێ کوێیە چەقی ئەم گەردوونە**
**ئەم گەردوونە بێ سنوور بوو**
**هیچ و بێ بنە**
**ئێوە هەر چی دەڵێن.. بڵێن**
**بەڵام بۆ من چەقی گەردوون**
**ناوکی ژنە!! (٣)**

بەڵێ (پەشێو)یش ئەم گەردوونە گەورە و زەبەللاحەی کە (بازنە)یەکی فراوان و فراوان بە هیچ و بێ بنە دەزانێ بەرانبەر بە گەورەکردن و ڕێز گرتن لە یەک (خاڵ) ئەویش ناوکی ژنە.

– لە دووتوێی شیعرە بە ناوبانگەکەی شاعیری فەرەنسی (ئەراگۆن)دا چاوانی ئەو، ئەو کێیە (ئێلزە)، (خاڵ)ێکە لە (بازنە)یەکی فراوان سەفەرێکی مانادار دەرسکێنێ بە نێو چەندان دێڕدا کە بازنەیەک پێکدەهێنێ، ئەوەتا لە (خاڵ)ەوە بۆ (بازنە) دێت کاتێ دەڵێت:

**چاوەکانت لە فرەیی و قووڵیدا**
**خۆمم تیایاندا دۆزییەوە**

**ئەوەتا بۆیان دەچەمێمەوە**
**تا گشت هەتاوە درەوشاوەکانی بخۆمەوە**
**بێ هیواکانیش**
**تا ڕادەی مردن خۆیان بۆی هەڵداوێن (٤)**

کەچی پێچەوانەکەشی لە چەند دێڕێکدا لە بازنەوە بۆ خاڵێک شۆڕ دەبێتەوە کاتێ لە لای ئەراگۆن ئێوارەیە و جیهان و زەریا تێکدەشکێ و گڕ دەگرێ. مەبەستی گڕی عـیشق و غـوربەت و ئاوابوونی زەردەپەڕی ئێوارەیە لە ئاسۆی دەم کەلدا، ئەوجا ڕووداوە دەروونی و ڕوحییەکان لەم ئێـوارە بێگەردەدا دەیڕژێنێـتـە یەک (خـاڵ) ئەویش چاوانی (ئەو).. ئەوی تاک... ئەوی (خــاڵ)ێک... ئەوی (ئێلزە)، کاتێ دەڵێت:

**لە ئێوارەیەکی بێگەرددا**
**وا دەبێت جیهان تێکبشکێ و**
**وا لە زەریاوان دەکا گڕ بگرێ**
**بەڵام من لە سەر ڕووی زەریادا دەبینم**
**ئەدرەوشێتەوە**
**چاوانی ئێلزا... چاوانی ئێلزا!! (٥)**

(مـوئەیەد تەیب)ی شـاعـیـریش چۆن لە پرۆسـەی بنیـادنان و پێکهـاتەیی لە کـردەی (کـۆ)وە، بازنە پێکدەهێنێ و ڕایدەکێشێتە سەر (خاڵ)ێک کە ئەویش (نان)ـە بۆ بژێوی کە (خاڵ)ێکی گەورە و کاریگەرە لە ژیان و ژیندا. شـاعـیـر لەم چەند دێڕەی خـوارەوەدا بازنەیەک پێک دەهێنێ و دواتر دایدەبەزێنێتە سەر یەک خـاڵ، ئەویش (نان)ـە کـە ئاماژەمـان پێ کـرد کـاتێ دەڵێت:

**هەتا سەرێ گوڵیا گەنمێ نەبرن**
**جەنجەڕ نەکەن**
**دو جارکی لئاشێ هەویر نەکەن**
**هەڤیر نەکەن**
**لبن سێلا ڕەش**
**ئاگرەکی سۆر هەڵنەکەن**
**نابێتە (نان)**

کـاتێ چاو بە دوای نموونەکـاندا دەگـێڕین و لە دەرگـەی شیـعری شاعـیران دەدەین، دەبینین هەر شـاعـیرێک بە شێـواز و ئیـحا و بینین و وێنا کـردنێک هەسـتی خـۆی دەربڕیوە، ئەوەی ئێـمـەش کـە مـەبەسـتـمـانە بەر تۆڕی بۆچوونەکــانمان بکەوێ (خــاڵ) و (بازنە)یە، ئەوەتا (شـێـرکـۆ بێکەس)ی شـاعـیـریش وەک خـەونێک بگێڕێتەوە، یان خەیاڵێک بکاتە کۆلارەیەک بە ئاسمانی دنیـای گـەورەیی خـۆیدا هەڵـیـفـڕێنێ، لە بازنەوە بۆ خـاڵ شۆڕ دەبێتەوە کاتێ دەڵێت:

**کە ترس پەلاماری دام**
**خۆم بە تیشکێکدا هەڵواسی**
**هێندەی نەبرد**
**باهۆزێ خستمیە خوارەوە و**
**کەوتمە دەریاکەی شیعرەوە و**
**لە دواییدا بووم بە (ماسی) (٦)**

بەڵێ (مـاسی) خـاڵەکـەیە، لە دوای چەند دێڕێکەوە هاتووە کە بازنەیەک پێک دەهێنێ، کـۆتاییـەکـەیان ئەو چەکـوشـەیە کـە شـاعـیـر دەیوەشـێنێ و بەر خـاڵێک دەکەوێت.

بۆ زیاتر دەوڵەمـەندکـردنی بابەتەکـەمـان بە نموونەی هەمـەچەشن ئەم جـارەیان لە (بازنەیەکـەوە بۆ خـاڵێک) شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی (شیلی) بەسەر دەکەینەوە لە شیعری (فەلسەفەی ئەویندااران)دا کاتێ دەڵێت:

**جۆگەلەکان تێکەڵی ڕووبار و**
**ڕووباریش تێکەڵاوی دەریا دەبن**
**تا دنیاش ما بێ**
**(بای) ئاسمان لەگەڵ سۆزی پڕ چێژ تێکەڵی یەکتر دەبن**
**هیچ شتێک لەو جیهانەدا بە تەنیا نییە**
**بە پێی یاسای ئاسمانی**
**هەموو شتەکان تێکەڵی یەکتر دەبن**
**ئەی بۆ**
**من و تۆش تێکەڵی یەکتر نەبین؟!! (٧)**

لەم چەند دێڕەی سەرەوەدا بەو کەرەستانە (ئاو) و (با) و (سـۆز)، کـە چەند وشـەیەکی زیندووی پڕ جـووڵەن و ئاساییە تێکەڵی یەکـتر بن و بابەتێک (کۆ) بازنە پێک دەهێنن و سـوور دەخـۆن، بەڵام کـاتێ لە دوا دێڕدا گـشت مـەبەسـتـەکانی (شیلی) شاعـیر دەڕژێنە سـەر خـاڵێکی سەرەکی

**ئەی بۆ**
**من و تۆش تێکەڵی یەکتر نەبین؟!**

(لەتیف هەڵمەت) شاعیر کاتێ دەڵێت:

**لە شینایی قووڵ و فێنکی**
**دارستانی قژ بارانی**

**وشە هەورە سوورەکاندا**
**بۆ چۆلەکەیەکی نامۆ دەگەڕێم**
**تیژ وەک تیشک**
**بێ ڕەنگە وەک ئاو**
**پشکۆیە ئاگری نەمریی**
**لە دەنووکە مرواربییەکەیدا هەڵگرتووە**
**ئەوە (دڵمە) بزر بووە!!**(۸)

لەم چەند دێڕەی سەرەوەشدا (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیر لە کۆتا هێنانی بازنەیەک کە چەند دێڕێکی لە ئامێز گرتووە، بە دوای شتێک دەگەڕێ کە ئەویش خاڵێکە و بە دوایدا سەرگەردانە و بزر بووە، لە دارستانی قژ بارانی و وشە هەورە سوورەکان، پاشان گەڕان بە دوای چۆلەکەیەکی ئەفسانەیی کە وەک تیشک تیژ بێ و وەک ئاو بێڕەنگ بێ و لە دەنووکە مرواربییەکەیدا پشکۆی نەمری هەڵگرتبێ، ئەم هەموو کەرستانە (سروشتی و خەون و خەیاڵ) بنیادنەرانەی بازنەیەکن، دواتر لە دەنووکە مرواربییەکەی چۆلەکە ئەفسانەییەکەدا دەیدۆزێتەوە هەڵیگرتووە، ئەویش کە دەڵێت(دڵمە.. بزر بووە).

لەم ڕووەوە وا ڕێک دەکەوێ لە دەقێکدا چەندان وێنەی هاوبەش بەر چاو دەکەون، واتە لە خاڵەوە بۆ بازنە و پێچەوانەکەیشی، بۆ نموونە کە دوا نموونەمانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا شیعرێکی (ئارتۆر لوندکڤیست ۱۹۰٦ - ۱۹۹۱)ی شاعیری سویدییە بە ناوونیشانی (ژن) کە لەم کۆپلەیدا دەڵێت:

**مەمکەکانت وەک باڵندەی سپی هەڵکورماوی**
**دەنووک بە ئاستەم سوورن**
**ناوکت وەک سەدەفێکی چکۆلەی**
**پڕ لە هاژەی تاریکی دەریایە.** (۹)

لەم چوار دێڕەی سەرەوەدا، لە دوو دێڕی یەکەمدا (مەمکەکانی وەک باڵندەیەکی سپی هەڵکورماو لە جوغزی بازنەیەکدایە کە دواتر دادەڕژێتە سەر خاڵێک ئەویش (گۆی مەمکە وەک دەنووکی باڵندە سپییەکە کە بە ئاستەم سوورە.)

- لە دوو دێڕی دووەمدا ئەم جارەیان لە خاڵەوە بۆ بازنەیە (ناوک، وەک سەدەفێکی چکۆلەیە.) خاڵێکە و بۆ ئەو بازنەیە هەنگاوی ناوە کە دەڵێت (پڕ لە هاژەی تاریکی دەریایە)، دوای هێنانەوەی ئەو چەند نموونانە تا ئێرە هیوادارم توانیبێتم تا ئاستێک ڕاوبۆچوونەکانی خۆم ڕوون کردبێتەوە، کە دەشێ هەر نووسەر و ڕەخنەگرێکیش شتێکی تریان بخاتە سەر، ئەوەی ڕاستی بێت بیرۆکەی ئەم بابەتەم لە هیچ سەرچاوەیەکی تر بەر چاو نەکەوتووە و بە بابەتێکی تازەی دەزانم کە دەستکردی خەیاڵی خۆمە و هیوادارم مشتێکم خستبێتە سەر ڕەوسەیەک.


**سەرچاوەکان:**

**(۱) ف. ر. لیفز، اتجاهات جدیدة في الشعر الانكلیزي، ترجمة: عبدالستار جواد، من منشورت وزارة الاعلام، العراق، بغداد، ۱۹۸۰، ص۷.**

**(۲) دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغدا، ۱۹۸۰، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی، محەمەدی مەلا کەریم، ل٤٦.**

**(۳) لە کۆڕێکدا کە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد/ لقی هەولێر بۆ (عەبدوڵڵا پەشێو) لە ۲۰۱۲/۵/٦ ساز کرا بوو، ئەو کۆپلە شیعرەی خوێندەوە.**

**(٤) د. فؤاد أبو منصور، ترجمة: (أراگون في مواجهة العصر) من منشورات، المؤسسة العربیة للدراسات و النشر، ۱۹۸۲، شعر (عیون ألزا)، ص۱۵۱.**

**(۵) هەمان سەرچاوە، ص۱۵۲.**

**(٦) شێرکۆ بێکەس، کۆمەڵە شیعری (هەست و نەست)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی۲۰۱۰، ل۲۰۸.**

**(۷) مئة قصیدة من الشعر الانكلیزي، ترجمة: د. رزوق فرج رزوق، من منشورات، وەزارة الاعلام، العراق - بغداد، ۱۹۸۰، ص۳۵.**

**(۸) لەتیف هەڵمەت، کۆشیعری ئەو هۆنراوەیەی کە تەواو دەبێ و تەواو نابێ، مطبعة الحوادث، ۱۹۷۹، ل٦۸دا.**

**(۹) ئەنتۆلۆژیای شیعری سویدی، وەرگێرانی ڕزگار شێخانی لە زمانی سویدییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی، ۲۰۱۵، بەرگی یەکەم، ل۱۷۱.**